**سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران**
**ژمارە: ٢٨٣٣ لە ٢٠٢٥/٢/٢٤**

**بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران**
**ژمارە (٢٧٠) لە ٢٠٢٥/٢/٥**

پشتبەست بە حوکمەکانی ماددەی (هەشتەم) لە یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان-عێراق ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەموارکراو، و ئاماژە بە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (١٤٦) لە ٢٠٢٥/٢/٥، و دوابەدوای بڕیاری پێشووی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٢٣١) لە ٢٠٢٣/١١/٢٢ و جەختکردنەوە لەسەر ئەم بڕیارە بە نووسراوی سکرتاریەتی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (١٤٢٤٧) لە ٢٠٢٤/١٠/٢٢، و پشتبەست بە ماددەی (٨) لە (یاسای میلاك ژمارە (٢٥)ی ساڵی ١٩٦٠ هەموارکراو) کارپێکراو لە هەرێمی کوردستان، و لەسەر پێشنیاری ئەنجومەنی ڕاژەی گشتی هەرێم بە نووسراویان ژمارە (١٧) لە ٢٠٢٥/١/١٣، ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری دا بە:

١- پەسەند کردنی میلاکاتی سەرجەم مووچە خۆرانی هەرێم بۆ ساڵی دارایی ٢٠٢٥ لەسەر بنەمای میلاکی فیعلی مانگی کانونی دووەمی ساڵی ٢٠٢٥ کە ئەمەش دەبێتە بنەما بۆ تەواوی ساڵی دارایی ٢٠٢٥ بەو شێوەیەی کە لەلایەن هەردوو وەزارەتی دارایی هەرێم و بەغدا ڕێککەوتنی لەسەر کراوە.

٢- وەزیری دارایی و ئابووری بە گوێرەی ماددەی ئاماژە پێدراوی سەرەوەی یاسای میلاك بڕیاری پەسەندکردنی خشتەکانی میلاکاتی هەرێم دەردەکات بە گوێرەی بڕگەکانی ئەم بڕیارە، و بەهەماهەنگی لەگەڵ ئەنجومەنی گشتی ڕاژەی هەرێمی کوردستان و تیمی هاوبەشی هەردوو دیوانی چاودێری دارایی فیدراڵی و هەرێم هەروەك پێشتریش بە بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٢٣١) لە ٢٠٢٣/١١/٢٢ بڕیاری لەسەر درابوو.

٣- گشت وەزارەت و لایەنەکانی نەبەستراو بە وەزارەت ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن و پابەند دەبن بەخشتەی میلاکاتی پەسەندکراویان بۆ ساڵی دارایی ٢٠٢٥ ، و ئەم بڕیارە لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە.

**مەسرور بارزانی**
**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**